بۆ بانکی بەیروت و وڵاتانی عەرەبی ش.م.ل

لقی:

## داواکاری کردنەوەی هەژماری بانکی / کەرتی گشتی
## پڕۆژەی (هەژماری من)

ناوی بریکار:
ژمارەی هەژمار:
دراو: دیناری عێراقی

بەڕێزان، ڕێز و سڵاو
سەبارەت بە ناسنامەی تایبەتی خۆم لە بانکەکەتان،
لە کاتێکدا کە من فەرمانبەری کەرتی گشتیم، و ئارەزووی کردنەوەی هەژماری بانکی دەکەم
بۆ وەرگرتنی مووچەکەم

تکا دەکەم بە کردنەوەی هەژمارێك بۆ من لە تۆمارەکانتان کە ملکەچی ئەو مەرجانە بێت کە خوێندوومەتەوە و لە ناوەڕۆکەکەی گەیشتم وە بەڵێن دەدەم کە ببێتە بنەمای مامەڵکردن لەگەڵ بانکەکەتان:

**١. پرکردنەوەی هەژمارەکە:**

ئەم هەژمارە تەنها بۆ وەرگرتنی مووچەکەم بەکاردێت لە لای ئێوە، من ڕێگە بە بانکەکەتان دەدەم بە قبوڵکردنی بڕی مووچەکەم کە لە ڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەخرێتە سەر هەژمارەکەم،وە هیچ بەرپسیاریەك ناخەمە ئەستۆتان سەبارەت بەو بابەتە.

**٢. سروشتی هەژمارەکە:**

ئەم هەژمارە (دائین) دەبێت بە سروشتی خۆی وە نابێتە (مدین) بە هیچ شێوەیەك، وە ئەم هەژمارە سوود وەرناگرێت لە هیچ سوویێك.

BBAC

## ٣. کۆمیشنەکان:

ئەم هەژمارە کۆمیشنی مانگانەی دەچێتە سەر وە دیاری دەکرێت بە رێکەوتن لە لایەن ئێوە و نووسینگەی سەرۆك وەزیران، بەم شێوەیە لە کاتی ئێستادا دیاریکراوە:

- کۆمیشنێکی مانگانە کە دەکاتە ٢،٥٠٠ دوو هەزار و پێنج سەد دیناری عێراقی.
- کۆمیشنی گۆڕینی کارت: ١٥،٠٠٠ پازدە هەزار دیناری عێراقی.
- کۆمیشنی گۆڕینی ژمارەی نهێنی: ٧،٠٠٠ حەوت هەزار دیناری عێراقی.
- کۆمیشنی راکێشانی پارە لە ئامێری بانکێکیتر: ٤٠٠. چوار لە هەزار بۆ بەرژەوەندی بانکەکەیتر وە کەمتر نەبێت لە هەزار دینار.

بۆ ئەم مەبەستە رێگەتان پێ دەدەم بە بڕینی ئەم کۆمیشنانە لە کاتی شایستە بوونی و بە رێگەپێدانێکی رەها کۆتایی کە مافی گەڕانەوەم نەبێت بۆ بانکەکەتان.

## ٤. راکێشان لە هەژمارەکە:

راکێشان لەم هەژمارەیە لە ئامێری پارە راکێشان دەبێت لە رێگای کارتێك ئەنجام دەدرێت کە لە بانکەکەتان دەرچووە، وە لە کاتی ناچار بوونمان بە راکێشانی پارە لە صندووقەکەتان، ئەوا رێ و شوێنە ئاساییەکان جێ بە جێ دەکرێت کە لە بانکەکەتان پشتی پێ بەستراو.

## ٥. بەکارهێنانی کارتی راکێشانی پارە:

بەکارهێنانی کارتی راکێشان و پاراستنی ژمارەی نهێنی (PIN) بەرپرسیارەتی ئێمەیە وە شایەنی باسە کە کرداری پارەدان بە کارتەکە پاشگەز بوونەوەی لەسەر نییە و نابەخشرێت.

وە لە کاتی ونبوونی یان دزینی کارتەکە ئەوا بەڵێن دەدەین کە دەست بە جێ بە نووسراو ئاگادارتان بکەینەوە ، ئەگەر بە زارەکی ئێوەمان ئاگادار کردووە ئەوا ژمارەی نهێنی (PIN) تایبەت بە ئێمە دەڵێینەوە وە ئەرکی ئێمەیە کە بە نووسراو ئاگادارتان بکەینەوە لە ماوەی ٤٨ کاتژمێر.

BBAC

**٦. ئەو خزمەتگوزارییانەی کە بە کارتەکەوە بەستراوە:**

- سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزاری کورتە نامە.
- توانای هاتنە نێو هەژمار بە شەو و بە رۆژ لە رێگای خزمەتگوزارییەکانی بەرنامەکانی ئۆنلاینی بانك.
- وەرگرتنی (کشف حساب) ی ئەلیکترۆنی مانگانە.

**٧. سوود وەرگرتن لە ئاسانکارییەکانی بانکی:**

لە کاتی ویستن لە سوود وەرگرتن لە هەر ئاسانکارییەك، دەبێت دۆسییەکی تایبەتت هەبێت بەو کارەوە بە گوێرەی میکانیزمی پشت پێ بەستراو لە لایەن ئێوەوە، لەو حاڵەتەدا بانکەکەتان مافی رەهای دەبێت لە هەر کاتێك وە بە شێوەیەکی تاك لایەنانە ئاسانکارییەکان سڕ بکات و رایانبگرێت کە بۆمن فەراهەم کراوە بە شێوەیەك کە ئەو بڕانەی پێویستە (رەسمەن، سوو، کۆمیشنەکان، و پاشکۆکانی) شایەنی کردارن دەست بە جێ و بە بێ ئەوەی پێویستی بە ئاگادارکردنەوە هەبێت یان هەر مامەڵەیەکیتر، بۆ نموونە باسی ئەو دوو نموونەیە دەکەین:

- بوونی یەکێك لە هۆکارەکانی داخستنی هەژمارەکە و سڕکردنی ئەو ئاسانکارییانەی باسکراوە لە گرێبەستی مەرجەکانی مامەڵکردنی گشتی.
- سڕکردنی هەژماری من لە بانکەکەتان.

**٨. راگرتنی هەژمار:**

لە بەرواری راگرتنی هەژماری من، مافم نامێنێت لە راکێشان یان ئەنجامدانی هەر کردارێکیتر لەسەر ئەو هەژمارە، وە لەو بەروارە بانکەکەتان مافی ئەوەی هەیە کە رێگە نەدات بە ئەنجامدانی هیچ کردارێك یان راکێشانێك لەسەر ئەم هەژمارە، وە بەڵێن دەدەم کە کارتەکە بگەڕێنمەوە بۆ بەڕێزتان.

ڕێز و سڵاو ...

بەروار:

ناو:

واژوو: